# خۆنووانندنی قودرەتمەندانەی چەپو کۆمۆنیزم لە زانکۆکانی ئێراندا

"ئازادی، یەکسانی"، "زانکۆ سەربازگە نییە"، "نا بۆ شەڕ" ئەمانە شیعارە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی تاران بوو بە بۆنەی 16ی ئازەر ڕۆژی خوێندکارەوە.

سەرباری هەوڵو تەقەلای سەرکوتگەرانەی حکومەتی ئیسلامی ئێرانو دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی خەباتکار لەماوەی ڕۆژانی پێش ئەم بۆنەیەدا بەمەبەستی بەرگرتن بە کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان، بەڵام ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەش نەیتوانی بەر بە خۆپیشاندانی خوێندکاران بگرێت. ڕۆژی 2007/12/4 بەرامبەر بە 13 ئازەر سەدان خوێندکاری کچو کوڕی زانکۆی تاران بە دەیان لافیتەو پلاکارتەوە کۆبوونەوەو خۆپیشاندانیان سازکرد. شیعارە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە: "ئازادی، یەکسانی"، "زانکۆ سەربازگە، نییە"، "نا بۆشەڕ"، هاوڕێ زیندانیکراوەکانمان ئازاد بکەن"، بزووتنەوەی خوێندکاری، هاوپەیمانی بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی ژنانە"و...تاد.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانا حیکمەتیست لە ڕاگەیاندنێکدا بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

"ئەمە سەرکەوتنێکی دیکەی ئینسانیەتە بەسەر وەحشیگەریو سەرکەوتنی ئازادیخوازیو یەکسانیخوازییە بەسەر کۆنەپەرستیو جیاکاریو ستەمی چینایەتیو جنسیدا. پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە کرێکارن، ژنان، لاوانو خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانو هەروەها خودی خوێندکارانی ئازایخوازو یەکسانیخواز دەکەین. جمهوری ئیسلامی ئێرانو هەموو دوژمنانی ئازادیو یەکسانی دەبێ چاوەڕوانی شکستی زیاتری خۆیانو سەرکەوتنی گەورەتری چینی کرێکارو لاوانو ژنانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز بن. بزووتنەوەی 16ی ئازەری ئەمساڵ، سەرمەشقی بزووتنەوەیەکی گەورەتری کۆمەڵایەتیە لەدژی شەڕو لەپێناوی بەرگری لە مەدەنیەتو ئارامیو ئازادی کۆمەڵگا. ئەم بزووتنەوەیە بە دەیان ملیۆن ژنو پیاوو لاو لە ئێران دەڵێت: "نە جمهوری ئیسلامی، نە شەڕ، بژی ئازادی، یەکسانی". ئەم بزووتنەوەیە ئومێد بە ڕزگاریی ئینسان لە وەحشیگەری سەرمایەداریو دیکتاتۆریو سەرکوتو ستەم نوێنەرایەتی دەکات. ئەمە نموونەیەکی باوەڕبەخۆبوونو بەڵگەیەکی ئاسۆی ڕزگارییە بە هێزی خودی خەڵك." وە لە کۆتایی ڕاگەیاندنەکەشدا داوا لە هەموو خوێندکارانی ئێران، چینی کرێکارو خەڵکی ئازادیخواز دەکات کە پشتیوانی لەم بزووتنەوە ئازادیخوانەیە بکەنو داوای ئازادکردنی دەستبەجێی خوێندکارانی زیندانی بکەن.